


هیگیتا دەستخۆشی لە تیرۆریستانی تەقینەوەکانی پاریس دەکات..

# ڕاهێنەری ڕۆما و یاریزانێکی لیڤەرپووڵ بە موعجیزە ڕزگاریان بوو

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

ڕاهێنـــەری یانـــەی ڕۆمـــای ئیتاڵـــی و یاریزانێکـــی پێشووی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی ئەوەندە نەمابوو ببنە قوربانی کارە تیرۆریستییەکانی پاریس. هیگێتاش بە هەڵـــە دەستخۆشـــی لـــە ئەنجامدەرانـــی تەقینەوە تیرۆریستییەکان دەکات و دوعایان بۆ دەکات.

لە ڕووداوە تیرۆریســـتییەکانی پاریسدا وەرزشوانان بێبـــەش نەبـــوون لـــە وەرگرتنی بەشـــێک لـــە تاڵی و ناخۆشییەکانی. کە لەوانەیە دیارترینیان نزیکبوونەوەی مەرگی ڕۆدی گارسیای ڕاهێنەری یانەی ڕۆمای ئیتاڵی بێت، کە بەپێی سەرچاوەیەکی نزیک لەو ڕاهێنەرە، ئەو شەوە گارسیا لە پاریس بووەو یەکێک لە تەقینەوەکان زۆر نزیکبووە لەو، بەڵام خۆشـــبەختانە ڕزگاری بووە. هەروەها ڕۆژنامەکانی بەریتانیاش ئاشکرایانکرد، مارتن کیلی یاریزانی پێشووی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی و ئێســـتای کریستال پالاس بە موعجیزە لەو تەقینانەوە ڕزگاری بـــووەو دەڵێن «مارتـــن تەنیا چەند خولەکێک بەر لە تەقینەوەکان لەو چێشـــتخانەیە ڕۆیشـــتووە کە تەقینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە».

لە هەمووی سەیرتر، هیگێتای گۆڵپارێزی ئەفسانەیی کۆلۆمبیـــا لەجیاتـــی ئـــەوەی بە زمانـــی عەرەبی (کە ئێســـتا لە ســـعوودیە خۆی فێرە ئەو زمانـــە دەکات)، سەرەخۆشـــی لـــە قوربانیـــان بـــکات، نووســـیویەتی «دەستخۆشـــی لە ئەنجامدەرانی تەقینەوەکان دەکەم و دوعایان بۆ دەکەم».

پێشتر لاسانا دیارای یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنســـاش ڕایگەیاندبـــوو کچـــی مامـــی بووەتـــە قوربانـــی ئـــەو تەقینانـــەوە، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ڕایگەیانـــد «ئەو کارە تیرۆریســـتیانە هیـــچ پەیوەندییەکیـــان بـــە ئاییـــنی ئیسلامەوە نییە».

WWW.RUDAW.NET

ڕووداو وەرزشی

ژمارە (375) سێشەممە 2015/11/17 26ی گەلارێزان 2715 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات

## لە کلاسیکۆ فەرمییەکاندا بارسا = 90 و ڕیاڵ = 92

# EL CLASICO

## لە گشت کلاسیکۆکاندا بارسا = 108 و ڕیاڵ = 96

3 «




## کوڕی کاکا دەبێتە یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل

8 «

## هەولێریان دەوێ



عەبدولخالق مەسعود، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق، بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند کە یانە عێراقییەکانی بەشدار لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا دەیانەوێ یارییەکانیان لەو خولەدا لە هەولێر ئەنجام بدەن و لەو بارەوە گوتی «بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندیم بە سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیاوە کردووە، ئەویش بەڵێنی پێداوم لیژنەیەک بنێرێتە هەولێر بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی شاری هەولێر بۆ میوانداریکردنی ئەو یاریانە گونجاوە». بۆ ئەم وەرزە هەردوو یانەی نەوتی ناوەڕاست و جەویە نوێنەرایەتی یانەکانی عێراق دەکەن لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا.

### تاریق فاروق، پاڵەوانی جیهان لە کیک بۆکسینگ:

# بێ یانەم بۆ ئەوەی کەس ئەنجامەکانم نەدزێت



تاریق فاروق، یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یاری کیک بۆکسینگ، لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و جیهان، ئەو خەڵکی پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە، پاڵەوانێکی بێ وێنەیە لە وەرزشەکەی خۆی، لە دوایین پاڵەوانیەتی جیهانیش لە ئیسپانیا بووە پاڵەوانی جیهان، بەڵام ئەم پاڵەوانە فەرامۆش کراوەو ئێستا بێ یانەیە. ناوبراو لەدایکبووی ساڵی 1982ی شاری هەڵەبجەیە. پێشتر بۆ هەریەک لە یانەکانی ئاشتی و نەورۆز یاری کردووە، (ڕووداوی وەرزشی) لە هەڤپەیڤینێکدا چەند پرسیارێکی لەو پاڵەوانە کردو دەرفەتی پێدا ڕەخنە و گلەییەکانی خۆی بخاتەڕوو:

هەڤپەیڤین: کارزان کانەبی

ڕووداوی وەرزشی: بۆچی لە هیچ یانەیەک یاری ناکەی؟

تاریق فاروق: ئەزموونی زۆرم لەگەڵ یانەدا هەیە، یانە جگە لە هۆکارێک بۆ خۆدەوڵەمەندکردنی هەندێ کەس و بەرپرس هیچی دیکە نییە، توانا و ئازایەتی گەنجان و ئەنجامەکانیان لەلایەن چەند کەسێکی یانەکانەوە دەدزرێت و دەیکەنە دەستخۆشی خۆیان، سوودی زۆری بۆ ئەوان و وەرزش هەیەو کارەکەش بەدەست بەتاڵی دەمێنێتەوە، بۆیە نامەوێت خەڵک بە ئەنجامەکانمانەوە دزی بکات.

ڕووداوی وەرزشی: لە ماوەی ڕابردوودا بەشداریتان لە پاڵەوانیەتی کیک بۆکسینگی جیهانی کرد لە ئیسپانیا، بیستومانە لەسەر گیرفانی خۆتان بووە؟

تاریق فاروق: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە لەسەر حیسابی خۆمان ڕۆیشتین، هەر بۆ بەرچاو ڕوونیش ئێمە 8 هەزار دۆلارمان لەم سەفەرە سەرف کردووە، بۆ خۆم و شاهیزی هاوڕێم، کە دواجار بووینە پاڵەوانی جیهان.

ڕووداوی وەرزشی: هیچ کەسێک هاوکاری نەکردوون، لە دەرگای بەرپرسانی شارەکەتان نەداوە؟

تاریق فاروق: نەخێر، تاوەکو ئەم هەڤپەیڤینەش کە قسە بۆ (ڕووداوی وەرزشی) دەکەم، هیچ کەس و حزب و یانە و بەرپرسێک هاوکاری نەکردووین، هەرگیز ئەنجامەکانی خۆم بۆ کەس بچووک ناکەمەوە، ئەوە لە ڕەوشتی من نییە لە دەرگای خەڵک بدەم بۆ پارە، هیچ کەسێک لە خۆم بە گەورەتر نازانم تا داوای هاوکاری لێ بکەم، بەڵام هەر کەس داوای بینینمان بکات بەوپەڕی سوپاسەوە لە خزمەتی دا دەبین، هەر کەسێک بیەوێت هاوکاریمان بکات سوپاسی دەکەین، خۆم لە دەرگای هیچ کەسم نەداوە و ناشیدەم.

ڕووداوی وەرزشی: بۆچی بۆ یانەی هەڵەبجە یاری ناکەی کە شارەکەی خۆتەو شوێنی لەدایکبوونتە؟

**«هیچ یانەیەک لە ئاست خەونەکانم نییە، لە کوردستان یانە بووەتە شوێنی سواڵکردن»**

تاریق فاروق: ئەگەر داوای 8 هەزار دۆلار لە یانەی هەڵەبجە بکەم، لەوانەیە سەرۆکی یانەکە سەری خۆی هەڵگرێت.

ڕووداوی وەرزشی: بەرنامەتان چییە بۆ داهاتوو؟

تاریق فاروق: بەپشتیوانی خوای گەورە کاری گەورەمان لەبەردەستە، سەری ساڵی تازە دەچمە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی کۆنتاک دروست بکەین و بەشداری لە پاڵەوانیەتییە پرۆفیشناڵەکانی ئەو وڵاتە بکەین، ئەویش لەسەر داوای ئەوانە، نەک ئێمە داوامان کردبێت.

ڕووداوی وەرزشی: بەنیازن هەر بەمشێوەیە بێ یانە بمێننەوە و لە وەرزش بەردەوامبن؟

تاریق فاروق: باوەڕ ناکەم هیچ یانەیەک لە ئاست خەونەکانمان بێت، یانەشم نییە و خزمەتیشم هەیە، لە ڕاستیدا لە کوردستان یانە بووەتە شوێنی سواڵکردن، لەگەڵ ڕێزمدا بۆ هەندێک یانە، هەر یانەیەکیش ویستی با بفەرمووێت ئێمە لە خزمەتیدا دەبین.

ڕووداوی وەرزشی: دەتوانن بەمشێوەیە بەردەوامبن بەبێ هاوکاری؟

تاریق فاروق: هەموو شتێک پارە نییە، زۆر خزمەت هەیە پارەی ناوێت، هەتا گیرفانی خۆم هەبێت مەمنوونی کەس نابم، کە گیرفانیشم خاڵی بوو بە جۆرێکی دیکە خزمەت دەکەم.

ڕووداوی وەرزشی: کەواتە تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک هاوکاری نەکردوون؟

تاریق فاروق: تاوەکو ئێستا نەخێر، بەڵام بێهیواش نیم، کەسانێک هەر ماون ناخیان زیندووە، دەستکراوەن لە ئاست ئەم جۆرە سەرکەوتنانە، بەڵام لەوانەیە بەپێی پێویست هەواڵی ئەم سەرکەوتنە گەورەیان نەبیستبێت.

ڕووداوی وەرزشی: لە کۆتاییدا هیچت ماوە بیڵێی؟

تاریق فاروق: زۆر سوپاس بۆ (ڕووداوی وەرزشی)، کە بەردەوام هاوکاری وەرزشکارانە بۆ خستنەڕووی کەم کورتییەکان.

## کلاسیکۆی دەبە



**سامان وڵاتژێری**

دەزانم بەشداریکردنی مێسی تاوەکو ئێستا لە یاری کلاسیکۆ لەژێر پرسیاردایە، بەڵام تێناگەم و نازانم ئەم کلاسیکۆیە چۆن پێشوازی لێدەکرێت و چۆن 90 خولەکی یارییەکە بەڕێدەکرێت؟ بێگومان باسی باشووری کوردستان دەکەم، لەژێر ڕۆشنایی ئەزموون و بینینی چەندین یاری کلاسیکۆی نێوان دوو جەمسەرەکەی ئیسپانیا، بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید.

دیارە کە ئەمساڵیش ڕکابەری هاندەران لە یاریزانانی هەردوو یانە گەرمتردەبێت، بەتایبەتیش کە ململانێی نێوان هەردوو یانە گەیشتووەتەوە لوتکە و لە ڕیزبەندی خولەکەدا جیاوازی نێوانیان تەنیا سێ خاڵە بۆ بەرژەوەندی یانەکەی کەتالۆنیا. هێشتا هیچ نەبووەو چەند ڕۆژێکی دیکە ماوە بۆ ئەوەی یاریگەی سانتیاگۆ بێرنابێو نمایشی یاری نێوان ئەو دوو یانە گەورەیە لەباوەش بگرێت، بەڵام لێرە دەمێکە شەڕی لێدوان و گۆڕینی پرۆفایلی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ وێنەی هەردوو یانە دەستپێکردووە.

کە فەیسبووک دەکەیتەوە، بەشێکی زۆری پۆستەکان لەسەر ئەو یارییەن و هەندێک لە پۆستەکان بۆنی شەڕیان لێدێت، ئەوەندە بە زمانێکی زبر نووسراون، هەندێکیشیان سووکایەتیکردنێکی ئاشکران بەیەکدی. کە دەچیتە سەر کۆمێنتەکانیش هەر مەپرسە، جنێوی وای تێدایە لەم کوردستانە پیاوی لەسەر دەکوژرێ.

ساڵی ڕابردوو لە ئێسکان بووم ئەو شەقامەی لەناو پایتەختی کوردستاندا زۆرترین وەرزشدۆستی لێ کۆدەبێتەوە، هێشتا یارییەکە کۆتایی نەهاتبوو دەبێک ئاوم بەرکەوت، یارییەکە تەواوبوو نەمزانی چۆن لەو شوێنە هاتمە دەرەوە، لەوانەیە ئێوە بڵێن شتەکە وا گەورە مەکە، بەڵام ئەمە واقیعە و ساڵانە لەم وڵاتەی من کە هەزاران کیلۆمەتر لە دووری یارییەکەیە، شەڕی لەسەر دەکرێت و هەندێجار کار گەیشتووەتەوە ئەوەی تەنانەت مرۆڤایەتی لەسەری بکرێتە قوربانی.

لەوەتەی سەیری یارییەکانی ئەم دوو یانەیە دەکەم تەنیا یەک شتم بەلاوە جێگەی سەرنج بووە و دەمەوێت لێی تێبگەم، نازانم بۆ هەردوو یانە دوای ڕکابەرییەکی زۆر بۆ بردنەوە دواجار پیرۆزبایی لەیەک دەکەن و درێسەکانیان دەگۆڕنەوە، کەچی لە کوردستان شەڕە جنێو و دەبەی ئاو دەگۆڕنەوەو تەنانەت دەنگی تەقە شار بۆ خۆی دەباتەوە و کەس یارییەکە ناباتەوە، وادیارە تاوەکو ئێستا تەنیا وەرزشەکە گەیشتووەتە لای ئێمە و گیانە وەرزشییەکە ڕێگای لێ وون بووە.

### لەسەر هەواڵێکی (ڕووداوی وەرزشی)..

# عێراق هەڵبژاردەیەکی ئافرەتان لە یاریزانی پیشەگەر دروستدەکات

**هەرێز جەمال**
**ڕووداوی وەرزشی ـ سلێمانی**

لە دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵێکی (ڕووداوی وەرزشی) لە ژمارەی ڕابردوودا لەسەر کچە یاریزانێکی کورد لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی دانیمارک، فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق داوای زانیاری دەکات و بەنیازە ئەو یاریزانە بکاتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق.

ئەسعەد ساعدی، ڕێکخەری کاروباری یاریزانە پیشەگەرەکانی عێراق لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراق، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند کە ئەوان بە بینینی ئەو هەواڵەی (ڕووداوی وەرزشی) بیریان بۆ ئەوە چووە هەڵبژاردەیەکی بەهێزی ئافرەتان بۆ عێراق لە کچە یاریزانە بە ڕەگەز عێراقییەکان دروست بکەن و گوتی «هەوڵەکانمان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەک یاریزانی بە ڕەگەز عێراقی لە ڕەگەزی ئافرەت بێنینە ریزەکانی هەڵبژاردەی خانمانی عێراق، تاوەکو بتوانیین پێکهاتەیەکی تۆکمە بۆ هەڵبژاردەکە دروست بکەین».

ئەو ڕێکخەرەی هەڵبژاردەی عێراق، گوتیشی «نزیکەی زیاتر لە 5 کچە یاریزانی عێراقی هەیە لە ئەوروپا و ئەمەریکا، کە لە ئاستی پیشەگەری یاری دەکەن و هەنگاوی سەرەتایمان ناوە تاوەکو بەشێوەیەکی یاسایی بەڵگەنامەی عێراقییان بۆ دروست بکەین، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردەی ئافرەتانی عێراقەوە بکەن».

هەروەها گوتی «هەر لە ئێستاوە ڕەزامەندی سەرەتای زۆرینەیان وەرگیراوە».



### ڕاهێنەری نوێی یانەی دهۆک:

# بۆ قۆناخی دووەم دهۆک هەڵدەستێنمەوە



**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ دهۆک**

ڕاهێنەری تازەی یانەی دهۆک بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند «ئەگەر گرفتی دارایی یانەکەمان چارەسەر بێت، بەڵێن دەدەم ئاستی یانەی دهۆک لە قۆناخی دووەم بەرزبکەمەوە».

یانەی دهۆک ئەم وەرزە لە دەستپێکی وەرزی تازەی خولی فۆکسی عێراقی هیواو ئامانجی خۆی نەپێکا و لە کۆی 8 یاری تەنیا خاوەنی 4 خاڵەو دوایین پلەکانی ریزبەندی یانەکانی گرتووە، دەرئەنجام سائیر جەسامی ڕاهێنەری یانەکە بە بیانووی خراپی بارودۆخی یانەکە دەستی لە مەشقی یانەکە هەڵگرت و دەستەی کارگێڕی یانەکەش ئاشتی مستەفای کوڕی شارەکەی، بە فەرمی بە ڕاهێنەری یانەکە ناساند.

لە بارەی باشترکردنی ئاستی یانەی دهۆک لە قۆناخی دووەم، ئاشتی مستەفای ڕاهێنەری دهۆک بە (ڕووداوی وەرزشی) گوت «ئێمە کە ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی دهۆکمان وەرگرتووە، بەڵێنی ئەوە دەدەم ئاستی یانەی دهۆک لە قۆناخی دووەمی خولەکەدا بەرزبکەینەوە، بەڵام دەبێت باری دارایی یانەکە باشتر بکرێت، ئەگەرنا ناتوانم ئەم کارە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەم».

هەرچەندە ژمارەیەک لە یاریزانانی پیشەگەر و عەرەب ریزی یانەکەیان جێهێشتووە، بەڵام ئاشتی دەڵێت چارەسەرم پێیە «ئەگەر بارودۆخەکە باش بڕوات، پشت بە توانای یاریزانانی کوردی شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکووک و شارەکانی دیکە دەبەستین، بەڵام ئێمە لە چاوەڕوانی ئەوەشین بزانین خولی کوردستان بەڕێوەدەچێت یاخود نا، بەهەرحاڵ هەتا بکرێت ئێمە پشت بە یاریزانی کورد دەبەستین».

ئاشتی گوتیشی «من وەک ڕاهێنەر پلانی تۆکمەم داناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناخی دووەم جێبەجێی بکەم».

لە بارەی ئەگەری دوورخستنەوەی یاریزانە پیشەگەرەکانیش، ڕاهێنەری ناوبراو گوتی «ئێمە وەک دەستەی ڕاهێنەران هیچ یاریزانێکی پیشەگەری خۆمان دوورناخەینەوە. تەنیا یاریزانێکی بەرازیلی نەبێت، کە هاتبوو بۆ ئەوەی گرێبەستی لەگەڵ بکەین، بەڵام ئاستی ئەومان بەدڵ نەبوو دوورمان خستەوە».





## ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

korektel.com
411

58



نووسینەگەکانی گرەوکردن لە ئیسپانیا دەستیان بە چالاکی کردووە، چونکە داواکاری لەبارەی گرەوکردن لەسەر یاری کلاسیکۆ، زۆر زیادی کردووە. بەپێ نووسینەگەکانی گرەوکردن ریال مەدرید پاڵێوراوە یاری کلاسیکۆ بباتەوە، چونکە 58%ی ئەوانەی گرەویان کردووە پارەی زیاتریان لەسەر ریال مەدرید داناوە، لەو کاتەی ڕێژەی ئەوانەی گرەویان لەسەر یەکسانبوون کردووە، بە بەراورد لەگەڵ وەرزی رابردوو زۆر بەرزەو گەیشتووەتە 14%. ئەو نووسینگانە وەرزی رابردوو پارەیەکی زۆریان قازانج کرد، دوای ئەوەی ریال مەدرید لە یاری چووندا 3 ـ 1 براوە بوو، چونکە زۆربەی گرەوکاران بارسێلۆنایان پاڵاوتبوو یارییەکە بباتەوە.

# دەستکەوت و سەرژمێرییەکانی کلاسیکۆی زەوی

## لە کلاسیکۆ فەرمییەکاندا بارسا = 90 و ریال = 92

## لە گشت کلاسیکۆکاندا بارسا = 108 و ریال = 96

ئا: ڕووداوی وەرزشی

بە یاری نێوان هەردوو یانە بەناوبانگەکەی ئیسپانیا، ریال مەدرید و یانەی بارسێلۆنا دەگوترێت «کلاسیکۆی ئیسپانیا»، کە بە گرنگترین و پڕجەماوەریترین یاری تۆپی پێ لە جیهاندا دەژمێردرێت، بۆیە بە «کلاسیکۆی زەوی»یش ناودەبرێت.

ڕەهەندەکانی ئەم یارییە سنووری تۆپی پێیان تێپەڕاندووەو چەندینجار چووەتە نێو ململانێی سیاسی ئیسپانیاوە بەهۆی کێشەی سیاسی هەردوو شاری بارسێلۆنا و مەدرید، کە بارسێلۆنا پایتەختی هەرێمی کەتالۆنیایەو داوای جیابوونەوە لە ئیسپانیا دەکات و شارەکەی مەدریدیش پایتەختی ئیسپانیایە.

هەر لە سەرەتاکانی تۆپی پێی ئیسپانیاوە هەردوو یانەی ریال مەدرید و بارسێلۆنا نوێنەرایەتی هەردوو ناوچەی ناوەڕاستی ئیسپانیا (ناوچەی ڕەگەزی ئیسپانییەکان) و ناوچەی کەتالۆنا (کەتەلۆنییەکان) بوون. لەهەمانکاتدا هەردوو ناوچە بۆ خۆیان بەدوو ئاراستەی شارستانیەتی و زمانی جیاواز دەڕۆن. ئەم دیاردە وەرزشییە کارێکی زۆر گەورەی کردووەتە سەر هەردوو بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم وڵاتە.

### سەرژمێرییەکان

لە مێژووی کلاسیکۆدا تاوەکو ئێستا هەردوو تیپ لە 230 فەرمی بەیەک گەیشتوون، ریال مەدرید 92 یاری و بارساش 90 یاری بردووەتەوەو لە 48 یاریش یەکسان بوون.

لەم خشتەی خوارەوەدا زانیاری تەواو لەسەر کلاسیکۆ ببینە:




| پاڵەوانیەتی | یاری | بردنەوەی ریال | یەکسانبوون | بردنەوەی بارسا | گۆڵەکانی ریال | گۆڵەکانی بارسا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| خولی ئیسپانیا | 170 | 71 | 32 | 67 | 251 | 268 |
| جامی شای ئیسپانیا | 34 | 12 | 7 | 15 | 65 | 66 |
| سوپەری ئیسپانیا | 12 | 6 | 2 | 4 | 25 | 17 |
| جامی خول | 6 | 0 | 4 | 2 | 8 | 13 |
| چامپیۆنس لیگ | 8 | 3 | 3 | 2 | 13 | 10 |
| کۆی گشتی | 230 | 92 | 48 | 90 | 362 | 374 |

### یارییە دۆستانەکان

هەردوو یانەی ریال مەدرید و بارسێلۆنا بێجگە لە یارییە فەرمییەکان 32 یاری دۆستانەشیان بەرامبەر یەکدی ئەنجامداوە، کە بارسێلۆنا 18 یاری و ریال مەدرید 4 یارییان بردووەتەوەو لە 10 یاریش یەکسان بوونە، بەمەش کۆی گشتی یارییەکانی کلاسیکۆ دەکاتە 262 یاری، بارسێلۆنا 108 یاری و ریال مەدرید 96 یاری بردووەتەوەو لە 58 یاریش یەکسان بوونە، بارسێلۆنا 454 گۆڵ و ریال مەدریدیش 430 گۆڵی تۆمارکردووە.

### گۆڵکارانی کلاسیکۆ

لە هەموو کلاسیکۆکاندا تاوەکو ئێستا 884 گۆڵ تۆمارکراون، لیۆنێل مێسی یاریزانی یانەی بارسێلۆنا بە گۆڵکاری مێژوویی کلاسیکۆ دادەنرێت بە تۆمارکردنی 21 گۆڵ، لە دوای ئەویش ئەلفرێدۆ دی ستیفانۆ لە ریال مەدرید بە 18 گۆڵ دێت، ئینجا رائوول گۆنزالیس و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆش لە ریال مەدرید بە 15 گۆڵ، بوشکاش و خینتۆ لە ریال مەدرید و سیزار ئەلڤاریز لە بارسێلۆنا هەریەکەو 14 گۆڵیان تۆمارکردووە.

### زۆرترین یاری

لە مێژووی کلاسیکۆدا هەندێک ژمارە هەیە، کە زۆربەی یاریزانەکان هەوڵی گەیشتن پێی، یان شکاندنیان دەدەن، یەکێک لەوانە بەشداریکردنە لە زۆرترین یاری کلاسیکۆ. ئەگەر لاپەڕەکانی کلاسیکۆ هەڵدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ، ئەو یاریزانانەی خوارەوە بەشدارییان لە زۆرترین یارییەکانی کلاسیکۆدا کردووە:

* مانوێل سانچێز (ریال مەدرید) 43 یاری.
* فرانچیسکۆ خینتۆ (ریال مەدرید) 42 یاری.
* چاڤی هێرناندێز (بارسێلۆنا) 40 یاری.
* رائوول گۆنزالیس، فێرناندۆ هیێرۆ و کارلۆس سانتیلانا (ریال مەدرید) 35 یاری.

## ژمارەکانی مێسی و ڕۆناڵدۆ لە مێژووی کلاسیکۆدا



ڕووداوی وەرزشی ـ SPORT

لە وەتەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی لە ساڵی 2009وە پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی ریال مەدریدی ئسپانییەوە کردووە، یاری کلاسیکۆی لالیگا ناونیشانێکی زیادبووە، ئەویش «کلاسیکۆی مێسی و ڕۆناڵدۆ»یە، بەهۆی رکابەری چەندین ساڵی ئەو دوو یاریزانەیە لەسەر نازناوی باشترین یاریزانی جیهان.

ئەو دوو ئەستێرەیە لە زۆربەی یارییەکانی کلاسیکۆدا، ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان بۆ یانەکانیان هەبووە، بۆیە لێرەدا ئامار و ژمارەکانیان دەخەینەڕوو، کە ئاستی رکابەری نێوانیان تا ڕاددەیەک لێک نزیکە:

* مێسی بەشداری لە 29 یاری کلاسیکۆدا کردووەو لە هەموویاندا 90 خولەکی تەواو یاریکردووە، واتە 2620 خولەک یاری لە کلاسیکۆدا کردووە.
* ڕۆناڵدۆ بەشداری لە 22 یاری کلاسیکۆدا کردووە، واتە 1980 خولەک یاری لە کلاسیکۆدا کردووە.
* دەستکەوتی مێسی لە کلاسیکۆدا 14 بردنەوە، 7 یەکسانبوون و 8 دۆڕانە.
* دەستکەوتی ڕۆناڵدۆ لە کلاسیکۆدا 6 بردنەوە، 6 یەکسانبوون و 10 دۆڕانە.
* لەو یارییانەی کلاسیکۆدا، کە مێسی بەشداری تێدا کردوون، بارسێلۆنا 56 گۆڵی تۆمارکردووە. لە کاتێکدا ریال مەدرید 32 گۆڵی لەو یارییانەی کلاسیکۆدا تۆمارکردووە، کە ڕۆناڵدۆ بەشداری تیایاندا کردووە.
* مێسی لە یارییەکانی کلاسیکۆدا 21 گۆڵ و 12 ئەسیستی هەیە. بەڵام ڕۆناڵدۆ 15 گۆڵ و تەنیا یەک ئەسیستی هەیە.
* مێسی لە هەر 124 خولەکی کلاسیکۆدا گۆڵێکی تۆمارکردووە، هەرچی ڕۆناڵدۆیە لە هەر 132 خولەکدا گۆڵێکی تۆمارکردووە.

## لەوانەیە لەبەرئەوە لە کلاسیکۆشدا باش دەرنەکەوێت..

# «فەیلەسووفە قەڵەوەکە ڕۆناڵدۆی کوشتووە»



ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

تۆماس ڕۆنسێرۆ، بەناوبانگترین ڕۆژنامەنووسی مەدریدی، رافا بینیتێزی ڕاهێنەری یانەی ریال مەدرید بە بکوژی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یەکەمی یانەی شاهانە تۆمەتبار دەکات و دەڵێت «بینیتێز هۆکاری هەموو کێشەکانی ڕۆناڵدۆیە، بۆیە لەوانەیە لە کلاسیکۆش هیچ نەکات».

ڕۆنسێرۆ، کە بە هاندەرێکی سەرسەختی ریال مەدرید دادەنرێت، لە وتارێکدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر بینیتێز و بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕانە بە «فەیلەسووفە قەڵەوەکە» ناودەبات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بینیتێز بە لێدوانە گەمژەکانی و بە بەراوردە بێسەروبەرەکانی ڕۆناڵدۆی کوشتووەو لەو بارەوە نووسیویەتی «هێشتا لەوە تێناگەم چۆن ئەو قەڵەوە ڕۆناڵدۆ دەخاتە خانەی یاریزانانی وەک بەیڵ، کرۆس، مۆدریچ و جەیمس؟ چۆن بەراوردی ئەفسانەی یەکەمی ریال مەدرید لەگەڵ هەندێک یاریزان دەکات کە لە 1 %ی ڕۆناڵدۆ بۆ ریال مەدریدیان نەکردووە؟». هەروەها دەشنووسێت «ئەی فەیلەسووفی قەڵەو، پێویستە ئەو ڕاستییە بزانی کە یاریزانانی وەک بەیڵ و ئەوانەی دیکە یاریزانی پلە دوون لە ریال مەدرید، کەی ئەوان توانیان نیوەی ڕۆناڵدۆ بۆ ریال مەدرید بکەن، ئینجا دەتوانی بەراوردیان بکەی بە ڕۆناڵدۆ».

ڕۆنسێرۆ، هەرچەندە زۆر رقی لە لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسیلۆنایە، بەڵام دەشڵێت «تۆ دەتوانی بەراوردی نێوان ڕۆناڵدۆ و مێسی بکەی، بەڵام کاتێک ڕۆناڵدۆی خاوەنی 3 باڵۆن دۆر دەهێنیتە ریزەکانی ئەو یاریزانانە، بێگومان ئەنجامەکەی داڕۆخانی باشترین یاریزانی جیهان دەبێت».

# سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا بۆ ڕۆناڵدۆ خۆی کردە گاڵتەجاڕ



ڕووداوی وەرزشی ـ DW

سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا بەهۆی لێدوانێکەوە کە لەسەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدرید داویەتی، دەبێتە بابەتێکی چەوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لەلایەن پێگە کۆمەڵایەتییەکانەوە گاڵتەیەکی زۆری پێدەکرێت.

ماریانۆ ڕاخۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا، ئەگەر بیزانیبایە لێدوانەکەی لە بارەی ڕۆناڵدۆوە بەو شێوەیە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت خودی ڕۆناڵدۆش، هەرگیز ئەو لێدوانەی نەدەدا، کە بەر لە چەند ڕۆژێک گوتی «پێویستە باڵۆن دۆری ئەمساڵ بدرێتە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، چونکە لە رووی ژمارە کەسییەکانەوە کەس نەیتوانیوە وەک ئەو بکات». ئەم قسانەی پیاوی یەکەمی حکومەتی ئیسپانیا لەلایەن لایەنگر و هەوادارانی بارساوە هەرس نەکران و هەڵمەتێکی گەورەی گاڵتەئامێزیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەدژی دەستپێکردو بە چەندین شێوە گاڵتەیان پێکرد، بەتایبەتیش دوای ئەوەی خودی ڕۆناڵدۆ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسەکانی سەرۆکوەزیرانی بەدرۆخستەوە، کاتێک لە هەڤپەیڤینێکی ڕۆژنامەوانیدا، گوتی «ئەمساڵ مێسی باڵۆن دۆر دەباتەوە، کە هەر خۆیشی شایەنی ئەو خەڵاتەیە».


لەو بارەوە هاندەرێکی بارسا لەسەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی قسەکانی ڕۆناڵدۆی بڵاوکردبووەوەو نووسیبووی «بزانن.. ڕۆناڵدۆش دەزانێت کە ڕاخۆ دۆر دەکات». هەروەها یەکێکی دیکە نووسیبووی «هێندە بە قسەکانی ڕاخۆ پێکەنیوم بۆ هەفتەیەک بەسمە».

## سەرۆکی بارسا: ئەگەر ڕاخۆ نەیەوێت ببێتە گاڵتەجاڕ با بۆخۆی باسی سیاسەت بکات نەک تۆپی پێ

قسەکانی ڕاخۆ بەرپرسانی یانەی کەتالۆنیشیان زۆر تووڕە کرد، بەتایبەتیش جۆسێب ماریا بارتۆمیۆی سەرۆکی بارسێلۆنا، کە بەشێوەیکی زۆر گاڵەئامێز وەڵامی سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیای داوەتەوەو دەڵێت «بۆ ڕاخۆ باشترە قسە لەسەر سیاسەت بکەت، نەک شتێک کە کاری ئەو نییە، چونکە بەو قسانە خۆی دەکاتە گاڵتەجاڕ». هەروەها بارتۆمیۆ دەڵێت «ئەگەر هەر ناچارە باسی تۆپی پێ بکات، پێویستە بەر لەوەی قسە لەسەر هەر شتێک بکات راوێژ بە هەندێک لە خزم و نزیکەکانی بکات، ئەوانەی سەریان لە تۆپی پێ دەردەچێت».

بارتۆمیۆ زیاتر گاڵتە بە ڕاخۆ دەکات و دەڵێت «ئەگەر سەرۆکوەزیرانی ئیسپانیا کەمترین شارەزایی لە تۆپی پێ هەبێت، پێویستە بزانێت، کە ئێستا نەک لیۆنێل مێسی، بەڵکو نیمار دا سیلڤا و لویس سوارێزیش لە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ باشترن».





## ڕاستە

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی لە ڕاپۆرتێکدا ئەو دەنگۆیانەی پشتڕاستکردنەوە کە باس لە حەزی پیپ گواردیۆلای ڕاهێنەری ئیسپانی دەکەن بۆ جێهێشتنی مەشقەکانی یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی. لەو بارەوە ئەو ڕۆژنامەیە نووسیویەتی «ڕاستە، گواردیۆلا حەزی لێیە ئەزموونێکی دیکە، لە خولێکی دیکە تاقی بکاتەوە. ئەڵمانەکان بە هەموو ڕێگەیەک هەوڵدەدەن گرێبەستەکەی پیپ نوێ بکەنەوە، تەنانەت ئامادەن ساڵانە مووچەکەی بکەنە 24 ملیۆن یۆرۆ، بەڵام وادیارە ئەو حەزی لە ڕۆیشتنە».

# MRL
# لەپێش MSN و BBC دێت

**ڕووداوی وەرزشی ـ DW**

لەم وەرزەدا تاوەکو ئێستا هێڵی هێرشبردنی هەردوو یانەی ئەڵمانییەکە، بایرن میونشن و بورۆسیا دۆرتمۆند بەهێزتر دەرکەوتوون لە هێڵی هێرشبردنی هەردوو یانە ئیسپانییەکە، بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید، ئەویش بەهۆی زیاتر گۆڵکردنی سێکوچکە ئەڵمانییەکانە لە سێکوچکە ئیسپانییەکان.

بە پێی ئامارەکان، سێکوچکەی هێرشبردنی بایرن میونشن، کە دەکرێت بە MRL بناسرێت بەو پێیەی لە مۆلەر و ڕۆبن و لیڤاندۆفسکی پێکهاتووە، زۆرترین گۆڵیان تۆمارکردووە، کە 41 گۆڵە، تەنانەت سێکوچکەی بورۆسیا دۆرتمۆندیش، کە دەکرێت بە MRO بناسرێت، بەو پێیەی لە میخاتریان و ڕیۆس و ئۆبامیانگ پێکهاتووە، ئەمساڵ تاوەکو ئێستا لەپێش هەردوو سێکوچکەی بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید دێن، کە 35 گۆڵیان تۆمارکردووە.

پلەی سێیەمیش بەر MSNی بارسێلۆنا دەکەوێت، کە سەرەڕای ئەوەی نزیکەی دوو مانگە لیۆنێل مێسی بەهۆی پێکانەوە یاری ناکات، توانیویانە 32 گۆڵ تۆماربکەن، کە مێسی تەنیا 6 لەو گۆڵانەی تۆمارکردووە بەر لەوەی تووشی پێکان بێت.

جێگەی سەرنجە کە پلەی چوارەمیش بەر BBC یەکەی ڕیال مەدرید ناکەوێت، کە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ و بنزیمە و گاریس بەیڵ پێکەوە تاوەکو ئێستا تەنیا 22 گۆڵیان تۆمارکردووە. چونکە سێکوچکەی ئەتلەتیک بلباو، کە پێکهاتووە لە ئارتیز ئادۆریز و ئینیاکی ویلیامز و ڕائوول گارسیا، تاوەکو ئێستا 24 گۆڵیان تۆمارکردووە.

پێشبینی دەکرێت بە گەڕانەوەی لیۆنێل مێسی سێکوچکەی بارسا بەهێزتر دەربکەوێت و ببێتە ڕکابەرێکی مەترسیداری سێکوچکەکەی بایرن میونشن، کە ئەوانیش ئەمساڵ وەک هێزێکی ترسناک دەردەکەون.





# لە پشت پەردەوە

لەم گۆشەیەدا، بە چەند ئەڵقەیەک هەندێک نهێنی پشت پەردەی ئەستێرەکانی تۆپی پێ دەخەینەڕوو، کە ئەو ئەستێرانە یان نووسەرانی دیکە لە یاداشتەکانیاندا ئاشکرایانکردووە.

### بەسەرهاتەکانی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی ئەستێرەی سویدی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا «من زلاتانم» باسی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی دەکات، کە پێدەچێت لە منداڵیدا ژیانێکی زۆر هەژار و سەختی لەگەڵ خێزانەکەیدا بەڕێکردبێت.

### ژیانێکی سەخت

«ماڵەوە چۆڵ بوو، گرنگتر لەوە بەفرگریش بەردەوام بەتاڵ بوو، بۆ یاریکردنی تۆپی پێ و پایسکل دزین دەچوومە دەرەوە.. بە هیلاکی و برسیەتی وەکو گورگ دەگەڕامەوە»

«بەر لەوەی بەفرگر بکەمەوە دەمگوت: تکایە، تکایە، دەمەوێ شتێک لەناوتدا هەبێت ئەگەر شتێکی سادەش بێت.. بەڵام نا.. دەمکردەوە و هیچی تێدا نەبوو.. کاتێک شتێکم دەدۆزییەوە، شتێکی ئاساییم دەدۆزییەوە: وەک شیر، کەرە و نان».

«لە باشترین حاڵەتەکاندا شەربەتێکی هەرزانم دەدۆزییەوە.. لەگەڵ بیرە بە دڵنیاییەوە.. کارلسبێرگ.. زۆربەری جارەکان تەنیا بیرەم لە بەرفرگرەکە دەدۆزییەوە».

«لەو قۆناخەدا ئازارێک لە ناخم هەبوو کە هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە.. لە هێلینا بپرسن، من بەردەوام باسی ئەو شتانەی بۆ دەکەم».

«باوکم لەبەر مەی خواردنەوە لەگەڵم خراپ بوو، زۆری دەخواردەوە و بیرە لە هەموو جێگەیەکی ماڵەوە هەبوو، هەندێجار دەمزانی داواکردن لێی هیچ سوودێکی نریە، نەخاسمە کە دەیخواردەوە».

«باوکم هەندێجاریش باش دەبوو و هەندێ پارەی دەدامێ.. قوتەیەک شیرم دەکڕی، کە سێ وێنەی یاریزانە گەورەکانیان لەگەڵ دەدامێ.. ورە دەیگرتم: ئۆە وێنەیەکی مارادۆنا وەردەگرم؟».

«بەڵام زۆربەی جارەکان بێهیوا دەبووم.. نەخاسمە ئەوکاتەی وێنەی هەندێ ئەستێرەی بێزارکەری سوێدییان دەدامێ کە هیچم لەبارەیانەوە نەدەزانی».

### ئارامم نەما

«لە قۆناخێک ئارامم نەما و لەگەڵ باوکم شەڕم دەکرد بەهۆی زۆر خواردنەوەی».

«دەمگوت: باوکە، تۆ زۆر دەخۆیتەوە.. شەڕی گەورە ڕووی دەدا»

«باوکم کە دەیخواردەوە دەنگە دەنگ لە ماڵمان بەرزدەبووەوە، هەڕەشەی لێدەکردم ئەگەر قسەم کردبایەو دەیگوت: لە ماڵەوە دەرت دەکەم».

«بەڵام لە مشتومڕکردن لەگەڵی نەدەوەستام، چونکە دەمویست دەریبخەم ک دەەتوانم قسە لەسەر خۆم بکەم» «جنێوی پێدەدام، بەڵام هەرگیز و هەرگیز لێی نەدەدام.. باشە، یەکجار بەهۆی سانێلای خوشکم هەتا ئاستی قاچەکانی بەرزی کردمەوە و پاشان بە سیسەمەکەی دادام».

«بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو شتانەش دا، دوای ئەوەی گەورە بووم زانیم دڵنەرمترین کەسە لە جیهاندا».

«براکەم پێیدەگوتم باوکم بۆیە دەخواتەوە تاوەکو خەمەکانی لەبیر بکات».

«هەرچەندە ئەوە هەموو ڕاستییەکان نییە، کەچی باوکم بەهۆی جەنگەوە زۆری ناڵاند».

«جەنگ! تێینەگەیشتم.. هیچیم لە بارەوە نەدەزانی.. باوکم تێوەی گلابوو.. لە هێکرا دایکی خۆم دیت لەبەر خەمباری جلی ڕەشی پۆشیبوو، لەگەڵ هەندێک نیشانە کە تێیاننەدەگەیشتم».

«داپیرم بە تەقینەوەی بۆمبێک لە کرواتیا مرد، پرسەیەکی گەورەی بۆ دانرا».

«سەبارەت بەخۆم، بە ڕووداوەکان هەراسان نەبووم، چونکە جیاوازیم لە نێوان سرپی و کرواتی لەگەڵ ئەوانی دیکە نەدەکرد، بەڵام کێشە گەورەکە بۆ باوکم بوو».





بروا بکەی یان نا..

# بارسا لە 130 کۆڕنەر
# هیچ گۆڵی تۆمار نەکردووە

**ڕووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی ڕاپۆرتێکی لەبارەی گۆڵ تۆمارنەکردنی یاریزانانی بارسێلۆنا لە کۆرنەر بڵاوکردووەتەوەو تێیدا دەردەکەوێت کە یاریزانانی ئەو یانەیە هیچ سوود لە لێدانەکانی کۆڕنەر وەناگرن، هەرچەندە زۆرجار تیپەکان سوود لە کۆڕنەر وەردەگرن بۆ گۆڵکردن و یەکلاییکردنەوەی ئەنجامی یارییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

لە وەرزی ڕابردوودا یاریدەدەری ڕاهێنەری بارسا، خوان کارلۆس ئۆنزۆی توانی یاریزانەکان لەسەر سوود وەرگرتن لە تۆپە جێگیرەکان و گۆڵ تۆمارکردن ڕابهێنێت. بەڵام لە وەرزی ئەمساڵدا ڕەوشەکە جیاوازە.

بلاوگرانا تاوەکو ئێستا سوودی لەو 130 کۆڕنەرە وەرنەگرتووە، کە لەم وەرزەدا لە هەموو پاڵەوانەتییەکاندا بۆی گیراون، لەوانە 100 لە خولی ئیسپانیا و چامپیۆنسلیگ بووە، بەڵام هیچ گۆڵی لەو لێدانە جێگیرە تۆمار نەکردووە.

بە بۆچوونی چاودێران هێشتنەوەی ئەم کێشەیە وەک خۆی و نەدۆزینەوەی چارەسەرییەک لەلایەن دەستەی ڕاهێنەرانی بارساوە بۆ ئەم کەمتەرخەمییە، لەوانەیە ببێتە بەشێک لە کێشەیەکی فراوانتر بۆ ئەو یانەیە، چونکە وەک خۆیان دەڵێن "تەنیا پشت بەستن بە سێ هێرشبەرەکە، لیۆنێل مێسی و نیمار دا سیلڤا و لویس سواریز بۆ تۆمارکردنی گۆڵ، لەوانەیە ببێتە هۆکاری لەدەستدانی هەندێ خاڵ لە یارییەکاندا". هەروەها دەڵێن "ئەگەر MSN لە ئاستی سروشتی خۆیاندا نەبن، ئەوکات پێویستیان بەوە دەبێت هاوڕێکانیان ئەنجامەکە بگۆڕن". هەرچەندە ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕوودانی ئەو جۆرە حاڵەتە (دابەزینی ئاستی MSN) بە دەگمەنی بووە و لە ماوەی ئێستا نەبووە، بەڵام گومانی تێدا نییە دەبێت لویس ئەنریکی بەخێرایی بایەخ بەو کەمتەرخەمییە بدات، بۆ ئەوەی تیپەکەی سوود لە کۆڕنەرەکان وەربگرێت.

## جوانترین لێدوانەکانی هەفتە



> مـن جەستەیەکی جوان و باڵایەکی بەرزم هەیە، هیچ دداکانیشم لەدەستنەداوە، بەڵام بەقسەی ئافرەتانیش هەڵناخەڵەتێم، چونکە دەزانم زۆربەیان بەدوای ناوبانگ دەگەڕێن

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ

(ئەستێرەی یانەی ڕیال مەدرید)



> مێسی زۆر چەمک و پێناسەی تۆپی پێی گۆڕیوە، خەڵک حەزدەکات هەمیشە تۆپ بگاتە بەر قاچەکانی بۆ ئەوەی چێژ لە بینینی یارییەکانی وەربگرن

ڤیسنتی دیل بۆسکی

(ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیسپانیا)



> کێشەکانی ئەم دواییەی ڕۆناڵدۆ و بینیتێز وەک کێشەکانی بەر لە 3 ساڵی نێوان کاسیاس و مۆرینیۆن، بۆیە لەوانەیە ڕۆناڵدۆش وەک کاسیاس لە ڕیال مەدرید بڕوات

ئەلفرێدۆ ریلانۆ

(سەرنووسەری ڕۆژنامەی ASی ئیسپانی)



> دابەزینی ئاستی یاریزانانی چێڵسی تەنیا لەبەرئەوەیە کە مۆرینیۆ بەپێش چاوی هاوڕێکانیان قسەیان پێدەڵێت و لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ڕەخنەیان لێدەگرێت

لویس فیلیپی

(بەرگریکاری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید)



> مـن دەمتوانی 10 ساڵ لە ڕیال مەدرید بمێنمەوەو کەس نەیدەتوانی دەرمبکات، بەڵام ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە هەڵبژاردەی فەرەنسا

لاسانا دیارا

(یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا)



> ئارێین ڕۆبن یاریزانێکی زۆر بەتوانایە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار خۆویستە، حەزدەکات خۆی گۆڵ بکات، بۆیە پاس ناداتە هاوڕێکانی

ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی

(هێرشبەری یانەی بایرن میونشن)



## ناگەڕێتەوە

کینگسلی کومانی یاریزانی لاوی فەرەنسی، رایگەیاند کە بەهیچ شێوەیەک پەشیمان نییە لە جێهێشتنی ریزەکانی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی و چوونی بەرەو یانەی یوڤانتۆسی ئیتالّی، کە ئێستا بەشێوەی خوازراو یاری بۆ یانەی بایرن میونشنی ئەڵمانی دەکات و لەو بارەوە گوتی «هەرگیز پەشیمان نیم لە رۆیشتن لە پاریس سانجێرمان و هەرگیز ناشگەڕێمەوە ئەو یانەیە، من زۆر شت لەگەڵ بایرن میونشن فێربووم و دەمەوێ لەگەڵ بایرن یان یوڤانتۆس بە خەونەکانم بگەم».

# دواڕۆژ بۆ بۆندسلیگایە




**هەوراز کاوە**

سەرهەڵدانی خولی ئەڵمانیا هاوکاتە لە گەڵ ماتبونی هەردوو خولی ئیتالّیا و فەرەنسا لەم چەند وەرزەی پێشوو. بۆ نموونە یاری یانەی بورۆسیا دۆرتمۆند، لەگەڵ یانەی ڤێردەربرێمەن، نزیکەی 80 هەزار هاندەر ئامادەی بوون. ئەوەش ئەو راستییە دەردەخات کە بۆندسلیگا بینەری لەچاو خولەکانی دیکە رۆژ بە رۆژ بەرەو هەڵکشان دەڕوات.

بۆندسلیگا بە هێڵێکی دارایی دروستدا دەڕوات، بەپێچەوانەی زۆربەی خولە گەورەکانی دیکە، کە یانەکانی نقومبوون لە قەرزی کارەساتبار، لە کاتێکدا پێپلیکانەکانی خولەکانی دیکە بەردەوام جەماوەر لەدەستدەدەن، جگە لەو یاریانەی یاری لوتکەن، کەچی یاریگەکانی ئەڵمانیا جمەی دێت لە هەواداران.

دوای نیو سەدە مەکینەی ئەڵمانی، سەرکەوتنی بێوێنە بووەتە ناونیشانی باری ئابووری بۆ پێشبڕکێکەی، کە سەرمایەی یانەو هەڵبژاردەی ئەو وڵاتە لە وەرزی رابردوو گەیشتە یەک ملیار دۆلاری ئەمریکی، ئەمەش گەشەسەندنی بەهێزی ئابووری خولی ئەڵمانیا دەسەلمێنێت، کە لە پلەی دووەمی خولەکانی کیشوەری ئەورووپادایە، پاش خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی. لە هەمانکاتدا لە رووی گەشەی ئابوورییەوە بۆندسلیگا لەپێش هەردوو خولی ئیتالّیا و ئیسپانیاوەیە، لە سایەی نەمانی پلیتی یاری یانە گەورەکان لەسەر خاکەکەی، رێژەی ئامادەبووانی وەرزی رابردوو گەیشتە 44293 هەزار تەماشاکەر لەیەک یاریدا، ئەوەش قابیلی زیادبوونە لە وەرزی 2015دا. یانەی دۆرتمۆند پشکی شێری بەرکەوت بە گوێرەی فراوانی یاریگاکەی و ئامادەبوونی بەرفراوانی هاندەرانی، کە رێژەکەی گەیشتە 80521 هەزار بینەر. تەنانەت ئەو رێژە زۆرەی یانەی بارسێلۆنای تێپەڕاند لەگەڵ گەورەیی یاریگاکەی ئەو یانە دیارەی کەتالۆنیا.

کڕین و فرۆشتنی بۆندسلیگا ئاسانترە لە خولەکانی دیکە، دەلاقەی کراوەیە لە گەڵ 3 گۆڵدا وەک رێژەی تۆمارکردن لە یەک یاریدا. نرخی پلیتەکان گونجاوە بۆ یارییەکان. تەنانەت هەندێ لە یانەکان پلیت نمایش دەکەن بە کەمتر لە تەنیا 20 یۆرۆ، ئەوەش یارمەتی ئەوە دەدات گەشتکردن بۆ بینینی هەر یارییەک بە خێزانی بێت.

بەرزبوونەوەی نرخی فرۆشتنی یارییەکانی بۆندسلیگا، لە نیسانی رابردوودا، بۆ چوار وەرزی داهاتوو بە نرخی 628 ملیۆن یۆرۆ بەرزبووەتەوە، لە ساڵێکدا بەرامبەر 412 ملیۆن یۆرۆ لەچاو گرێبەستی رابردوودا. یاسای 1+50 لە خولەکەدا رێگەنادات بەهیچ تاکێک زیاتر 50% کۆ یەک بەشی هەبێت لە هیچ یانەیەکدا. ئەوەش مانای وایە یانەکانی ئەڵمانیا کەمتر رووبەڕووی دەستبەسەرداگرتن دەبنەوە لەلایەن سەرمایەدارە بیانییەکانەوە.

زەبەلاحی باڤاری بایرن میونشن، کە خۆی دانابوو وەک نموونەیەک بۆ کاری بازرگانییە سەرکەوتووەکانی جیهانی تۆپی پێ. لەم دواییەدا بەگاڵتەوە بە هۆینسی سەرۆکی یەکەمی گوت «لە کاتێکدا یانەکانی دیکە بۆ بانک دەڕۆن بۆ قەرزکردن، ئێمە دەڕۆین بۆ دانانی پارە، لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو وەرزەی دواییە بەبێ نازناوی ئەورووپی کۆتایی پێهێنا. لە وەرزی 2010 ـ 2011دا، بایرن میونشن پارەیەکی باشی بەدەستهێنا کە گەیشتە 328.5 ملیۆن یۆرۆ، یانەکە 129 ملیۆن یۆرۆی یەدەگیش هەیە.

گەورەترین بەڵگە لەسەر زیادەڕوویی نەکردنی یانەکانی ئەڵمانیا لە خەرجکردنی پارە، ئەوەیە کە گرانترین یاریزان لە مێژووی بۆندسلیگادا، ماریۆ گۆمێزی یاریزانی یانەی شتۆتگاردە، کە ساڵی 2009 بەرامبەر 35 ملینۆ یۆرۆ پەیوەندی بە بایرن میونشنەوە کرد، ئەوەش ژمارەیەکی زۆر دوورە لە 94 ملیۆن یۆرۆ کە یانەی ریال مەدرید لە کڕینی کریستیانۆ رۆنالّدۆدا خەرجی کردووە.

## لە پرسی ئابڕووچوونەکەی ڤالبویّنادا..

# بەڵگەکانی بێتاوانی بنزیمە بزانە




«بنزیمە ویستوویەتی پیاوەتی لەگەڵ هاوڕێیەکەی بکات، بەڵام بە خراپ بەسەریدا شکایەوە»

**رووداوی وەرزشی ـ CNBC**

ئێستگەی رادیۆی ئۆرۆپ1ی فەرەنسی توانی ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنانە ئاشکرا بکات، کە لەنێوان کەریم بنزیمەی ئەستێرەی ریال مەدرید و هاوڕێیەکی منداڵی ئەنجام دراوە، کە پەیوەستن بە کێشەی تێوەگلانی ئەستێرەی ئۆلۆمپیک لیۆن، ماتیۆ ڤالبوینا بە کاسێتێکی بێ رەوشتی.

بە گوێرەی ئەو رادیۆیە، بنزیمە بۆ هاوڕێیەکەی دووپات کردووەتەوە، بەڵێنی ڤالبوینا داوە، بە دیاریکردنی شوێنێک لە شاری لیۆن بۆ ئەوەی کاسێتەکەی رادەست بکات، گرەنتی ئەوەشی پێداوە هیچ کۆپییەکی دیکەی ئەو گرتەیە نییە.

بە گوێرەی هەمان پەیوەندی ئەو کەسە کە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی بنزیمەیە، دەیەوێ رۆڵی نێوەندگیری لەگەڵ کەسانی راستەقینە بگێڕێت کە کاستێکەیان لەلایە، بەمەش دەردەکەوێت بنزیمە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی لەگەڵ خاوەنی راستەقینەی کاسێتەکە نییە، بەڵکو لەگەڵ نێوەندگیرەکە پەیوەندی هەیەو لەنیازپاکی خۆی تووشی ئەو کێشەیە بووە.

یەکێک لەو رستانەی لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەدا سەرنجی رۆژنامەکانی فەرەنسای راکێشاوە، ئەوەیە کە بنزیمە بە ڤالبوینای گوتووەو لەوانەیە هۆکاری بێتوان دەرچوونی بێت، کە دەڵێت «پێمگوت لێرە کۆتایی بە ئەرکی من دێت، ئێستا دەتوانی مامەڵە لەگەڵ هاوڕێیەکەم بکەی، ئەو کەسەکە دەناسێت کە کاسێتەکەی لەلایە، من نایناسم، دەتوانی ژمارە تەلەفۆنی خۆتم بدەیتێ من دەیدەمە هاوڕێیەکەم بۆ ئەوەی پەیوەندیت پێوە بکات». بەمە دەردەکەوێت بنزیمە هەوڵی داوە یارمەتی هاوڕێیەکەی بدات، کە بەدوای پارەدا دەگەڕێت، هەروەها ڤالبویناش کە دەیەوێ خۆی لەو ئابڕووچوونە بەدوور بگرێت، ئەو کەسەکە ناناسێت کە کاسێتەکەی لەلایە.

ئەو رادیۆیە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە ڤالبوینا لە بنزیمەی پرسیووە ئایا تاتۆیەکانی لە گرتەکە دەردەکەوێت، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ڤالبوێنا بەڕاستی لە کێشەیەکی نارەوشتی لەگەڵ کچێک تێوەگلاوە.

# ئەبیدال :

# ئیسلام منی کردە مرۆڤێکی دانا




**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

ئێریک ئەبیدال، ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ئیستاد دەوحەی قەتەری، باسی چەندین بابەتی کردووە، کە گرنگترینیان بوونی بە موسڵمان و چۆنیەتی گۆڕینی ژیانی بووە لە رەگوڕیشەوە.

ئەبیدال، پێیوایە موسڵمانبوونی بەشداری لە گۆڕینی کەسایەتییە شەڕانگێز و نەرێنیەکەی کردووە، بۆ کەسێکی ئارام و دانا و دەڵێت «سوپاس بۆ خوا کە هیدایەتی دام، ئیسلام منی بۆ کەسێکی تەواو جیاواز گۆڕی، بۆ نموونە لەوکاتەوەی موسڵمان بوومە زۆر بایەخ بە قسەی خەڵکی نادەم، بەلامەوە گرنگ نییە کێن ئەوان، بە پێچەوانەی پێشووم سەیرم دەکەن، زۆر بە کورتی دان بەوەدا دەنێم کە ئیسلام ژیانی بەتەواوی گۆڕیم و ئێستا پیاوێکی زۆر سەنگینم».

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا هاوسەرە جەزائیرییەکەی هۆکاری یەکەمی موسڵمان بوونی بووە؟ ئەبیدال گوتی «بیرکردنەوە و هەستی ئاشکراکردنی ئایینی ئیسلام، بۆ ئەو ژینگەیەم دەگەڕێتەوە کە تێیدا پەروەردە بوومە، کە لە کەسانی موسڵمان پێکهاتبوون، تێکەڵاوبوونم بەو هەموو موسڵمانە وایلێکردم دیدێکی فراوان لەبارەی ئیسلام وەربگرم و پاشان هەنگاوی خۆم بهاوێژم».

ئەبیدال، کە دوای موسڵمانبوونی ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ بیلال، ئەوەش ناشارێتەوە کە تاوەکو ئێستاش دایک و باوکی، کە لەسەر ئایینی مەسیحین لەدژی ئەو بڕیارەی ئەون «ئیدی جیاوازی نێوان هەردوو ئایینم بۆ دەرکەوت و هەرگیز لەو بڕیارەم پەشیمان نیم».

بەردەوامبە لە قسەکردن
هەر قسە بکە و.....قسە بکە
تەنانەت ئەگەر بالانسیشت نەبێت



KOREK
Telecom

بالانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە بالانسی زیادکراو وەرگریت.
• بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
• بڕی بالانسی زیادکراو 600 د.ع.
• هەرکاتێ بالانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی بالانسی زیادکراو لە بالانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
• بالانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
• نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
• ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
- دەبێ بالانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
- دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
- نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.
بوێربە خەون ببینە
411
korektel.com

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**پاشکۆی یۆرۆ**
سێشەممە 17/11/2015
**10:45**
**دانیمارک - سوید**

**یاری دۆستانە**
سێشەممە 17/11/2015
**10:45**
**ئەڵمانیا - هۆڵەندا**

**یاری دۆستانە**
سێشەممە 17/11/2015
**10:45**
**بەلجیکا - ئیسپانیا**

**پاڵاوتنەکانی مۆندیال**
سێشەممە 17/11/2015
**11:30**
**کۆلۆمبیا - ئەرجەنتین**

## خولی ئیسپانیا ( هەفتەی 12 )

**شەممە 2015/11/21**

| | |
|---|---|
| ریال سۆسیداد - سڤیلیا | 06:00 |
| ریال مەدرید - بارسێلۆنا | 08:15 |
| ئیسپانیۆل - مەلەگە | 10:30 |
| ڤالێنسیا - لاس پالماس | 12:00 |
| دیپۆرتیڤۆ - سێلتاڤیگۆ | 12:05 |
| **یەکشەممە 2015/11/22** | |
| خیخۆن - لیڤانتی | 02:00 |
| ڤیاریال - ئیبار | 06:00 |
| گرانادا - ئەتلەتیک بلباو | 08:15 |
| ریال بیتیس - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 10:30 |
| **دووشەممە 2015/11/23** | |
| گیتافی - رایۆ ڤالیکانۆ | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسێلۆنا | 27 |
| 2 - ریال مەدرید | 24 |
| 3 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 23 |
| 4 - سێلتاڤیکۆ | 21 |
| 5 - ڤیاریال | 20 |
| 6 - ئیبار | 19 |
| 7 - ڤالێنسیا | 18 |
| 8 - ئەتلەتیک بلباو | 17 |
| 9 - دیپۆرتیڤۆ | 15 |
| 10 - سڤیلیا | 15 |

| گۆلکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - نیمار | بارسێلۆنا | 11 |
| 2 - سوارێز | بارسێلۆنا | 9 |
| 3 - رۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 8 |
| 4 - ئیمانۆل | ریال سۆسیداد | 8 |
| 5 - گیرا | رایۆ ڤالیکانۆ | 8 |



## خولی ئینگلتەرا ( هەفتەی 13 )

**شەممە 2015/11/21**

| | |
|---|---|
| واتفۆرد - مانچستەر یونایتد | 03:45 |
| چێڵسی - نۆرویچ سیتی | 06:00 |
| ئێڤەرتۆن - ئەستۆن ڤێلا | 06:00 |
| نیۆکاسڵ - لیستەر سیتی | 06:00 |
| ساوسهامتۆن - ستۆک سیتی | 06:00 |
| سوانزی سیتی - بۆرنیمۆس | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - ئارسناڵ | 06:00 |
| مانچستەر سیتی - لیڤەرپوول | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/11/22** | |
| تۆتنهام - وێستهام | 07:00 |
| **دووشەممە 2015/11/23** | |
| کریستال پالاس - سەندەرلاند | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - مانچستەر سیتی | 26 |
| 2 - ئارسناڵ | 26 |
| 3 - لیستەر سیتی | 25 |
| 4 - مانچستەر یونایتد | 24 |
| 5 - تۆتنهام | 21 |
| 6 - وێستهام | 21 |
| 7 - ساوسهامتۆن | 20 |
| 8 - کریستال پالاس | 19 |
| 9 - ئێڤەرتۆن | 17 |
| 10 - لیڤەرپوول | 17 |

| گۆلکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 12 |
| 2 - ریاز | لیستەر سیتی | 7 |
| 3 - ئیگالۆ | واتفۆرد | 7 |
| 4 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 7 |
| 5 - ئەگوێرۆ | ئارسناڵ | 6 |



## خولی ئیتاڵیا ( هەفتەی 13 )

**شەممە 2015/11/21**

| | |
|---|---|
| بۆلۆنیا - رۆما | 08:00 |
| یوڤانتۆس - میلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 2015/11/22** | |
| ئۆدینێزی - سامپدۆریا | 02:30 |
| ئاتالانتا - تۆرینۆ | 05:00 |
| کارپی - کیێڤۆ | 05:00 |
| فیۆرەنتینا - ئیمپۆلی | 05:00 |
| جێنەوا - ساسۆلۆ | 05:00 |
| لازیۆ - پالێرمۆ | 05:00 |
| ڤیرۆنا - ناپۆلی | 08:00 |
| ئینتەرمیلان - فرۆزینۆنی | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - فیۆرەنتینا | 27 |
| 2 - ئینتەرمیلان | 27 |
| 3 - رۆما | 26 |
| 4 - ناپۆلی | 25 |
| 5 - ساسۆلۆ | 22 |
| 6 - میلان | 20 |
| 7 - یوڤانتۆس | 18 |
| 8 - ئاتالانتا | 18 |
| 9 - لازیۆ | 18 |
| 10 - سامپادۆریا | 16 |

| گۆلکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| - مارتینز | سامپادۆریا | 9 |
| 2 - هیگواین | ناپۆلی | 8 |
| 3 - ئینسینی | ناپۆلی | 6 |
| 4 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 6 |
| 5 - باکا | میلان | 6 |




## خولی ئەڵمانیا ( هەفتەی 13 )

**هەینی 2015/11/20**

| | |
|---|---|
| هامبۆرگ - بورۆسیا دۆرتمۆند | 10:30 |
| **شەممە 2015/11/21** | |
| کۆڵن - ماینز | 05:30 |
| مونشنگلادباخ - هانۆڤەر | 05:30 |
| فرانکفۆرت - بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| شتۆتگارت - ئوگسبۆرگ | 05:30 |
| ڤۆلفسبۆرگ - ڤێردەربریمەن | 05:30 |
| شاڵکە - بایرن میونشن | 08:30 |
| **یەکشەممە 2015/11/22** | |
| هێرتا بەرلین - هۆفنهایم | 05:30 |
| ئینگۆلشتات - دارمشتات | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 31 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 26 |
| 3 - ڤۆلفسبۆرگ | 21 |
| 4 - شاڵکە | 20 |
| 5 - مونشنگلادباخ | 18 |
| 6 - هێرتا بەرلین | 17 |
| 7 - بایرلیڤەرکۆزن | 17 |
| 8 - ئینگۆلشتات | 15 |
| 9 - کۆڵن | 15 |
| 10 - هامبۆرگ | 14 |

| گۆلکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 14 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 14 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 11 |
| 4 - مارکۆ ریۆس | بورۆسیا دۆرتمۆند | 7 |
| 5 - کالۆ | هێرتا بەرلین | 7 |



## خولی فەرەنسا (ریزبەند)

**هەینی 2015/11/20**

| | |
|---|---|
| نیس - لیۆن | 10:30 |
| **شەممە 2015/11/21** | |
| لۆریان - پاریس سانجێرمان | 07:00 |
| باستیا - ئەجاکسیۆ | 10:00 |
| گانگۆن - تولۆز | 10:00 |
| مۆناکۆ - نانت | 10:00 |
| مۆنپێلیە - ریمس | 10:00 |
| تروا - لیل | 10:00 |
| **یەکشەممە 2015/11/22** | |
| کان - ئەنجی | 04:00 |
| رین - بۆردۆ | 07:00 |
| سانت ئیتیان - مارسیلیا | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 35 |
| 2 - لیۆن | 25 |
| 3 - کان | 24 |
| 4 - ئەنجی | 22 |
| 5 - سانت ئیتیان | 22 |
| 6 - نیس | 21 |
| 7 - لۆریان | 20 |
| 8 - رین | 20 |
| 9 - مۆناکۆ | 20 |
| 10 - نانت | 19 |

| گۆلکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 9 |
| 2 - بنیامین | لۆریان | 9 |
| 3 - پاتشوای | مارسیلیا | 8 |
| 4 - بن عەرەفە | نیس | 7 |
| 5 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 7 |



## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئاسیا)

**سێشەممە 2015/11/17**

| | |
|---|---|
| ئیندۆنیسیا - ڤێتنام | 03:00 |
| گوام - ئێران | 08:30 |
| کۆریای باکوور - بەحرێن | 09:30 |
| تەیمۆری رۆژهەڵات - سعوودیە | 10:00 |
| تایوان - عێراق | 02:00 |
| بەنگلادش - ئۆسترالیا | 02:30 |
| هۆنگ کۆنگ - چین | 03:00 |
| میانمار - کوێت | 03:00 |
| سەنگافۆرە - سووریا | 03:00 |
| بۆتان - قەتەر | 03:00 |
| لاوس - کۆریای باشوور | 03:00 |
| کەمبۆدیا - ژاپۆن | 03:14 |
| مالیزیا - ئیمارات | 03:45 |
| تورکمانستان - عومان | 04:00 |
| قیرغیزستان - ئوردن | 05:00 |
| یەمەن - ئۆزباگستان | 06:30 |

| گۆلکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئەحمەد خەلیل | ئیمارات | 9 |
| 2 - محەممەد سەهلاوی | سعوودیە | 8 |
| 3 - یانگ زۆ | چین | 7 |
| 4 - دژالیلۆڤ | تاجیکستان | 6 |
| 5 - داباو | چین | 6 |

## پاڵاوتنەکانی مۆندیال (ئەمریکای باشوور)

**سێشەممە 2015/11/17**

| | |
|---|---|
| کۆلۆمبیا - ئەرجەنتین | 11:30 |
| ڤەنزویلا - ئیکوادۆر | 12:00 |
| **چوارشەممە 2015/11/18** | |
| پاراگوای - بۆلیڤیا | AM 02:01 |
| ئۆرۆگوای - چیلی | AM 02:01 |
| بەرازیل - پیرۆ | AM 03:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - ئیکوادۆر | 9 |
| - چیلی | 7 |
| 3 - ئۆرۆگوای | 6 |
| 4 - بەرازیل | 4 |
| 5 - پاراگوای | 4 |
| 6 - کۆلۆمبیا | 4 |
| 7 - بۆلیڤیا | 3 |
| 8 - پیرۆ | 3 |
| 9 - ئەرجەنتین | 2 |
| 10 - ڤەنزویلا | 0 |

**خولی ئیسپانیا**
شەممە 21/11/2015
**08:15**
**ریال مەدرید - بارسێلۆنا**

**خولی ئینگلتەرا**
شەممە 21/11/2015
**08:30**
**مانچستەر سیتی - لیڤەرپوول**

**خولی ئەڵمانیا**
شەممە 21/11/2015
**08:30**
**شاڵکە - بایرن میونشن**

**خولی ئیتاڵیا**
شەممە 21/11/2015
**10:45**
**یوڤانتۆس - میلان**

KOREK

رووداو وەرزشی
ژمارە (375) سێشەممە 2015/11/17

## خیانەتکارە



ڕۆژنامەی کۆریێری دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی ڕاپرسییەکی لەنێو هاندەرانی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی ئەنجامداو پرسیاری ئەوەی خستنە پێش، ئایا پێتخۆشە دوای یۆرۆی 2016 جارێکی دیکە ئەنتۆنیۆ کۆنتی وەک ڕاهێنەر بگەڕێتەوە مەشقەکانی یانەی خانمە پیرەکە؟. ئەنجامەکان دەریانخست کە 57 %ی هاندەرانی یانەکە نایانەوێ جارێکی دیکە کۆنتی وەک ڕاهێنەری بیانکۆنێری ببیننەوە. بەپێی ئەو ڕۆژنامەیە هۆکاری سەرەکی ئەم ڕەتکردنەوەی کۆنتی لەلایەن هاندەرانی یوڤانتۆسەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە کۆنتی خیانەتی لە یانەکەیان کردووە، کاتێک بووەتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئیتاڵیا».



ڕێبوار محەممەد

# ترسەکانی کلاسیکۆ

کلاسیکۆی ئەمساڵ بەدنیایەک ترسی جۆراوجۆر تەنراوە، لە دەرەوەی یاریگە تا ناو یاریگە و تا ژووری خۆگۆڕینی یاریزانان و تەنانەت ژووری سەرۆکی ریال مەدرید و بارسێلۆناش.

پۆلیسی ئیسپانیا لە چارەنووسی کلاسیکۆ دەترسێت. دەترسێت لەوەی ئەوەی لە پاریس روویدا لە مەدریدیش دووبارە ببێتەوە، دووبارە بوونەوەیەک خوێنی هەزاران هاندەری تێدا بڕژێت.

هاندەرەکانیش لە چارەنووسی خۆیان دەترسن. ترس لەوەی یەکێک بن لەو قوربانییانەی لە ئەنجامی تەقینەوەکان دەکەوێتەوە، ئەگەر نەخوازە لە کلاسیکۆی ئیسپانیادا روویدا.

ئیسپانییەکان لەوەی هاوشێوەی فەرەنسایان لێبێت. ئەمجارەیان لە بری ئەوەی ژمارەی گۆڵە تۆمارکراوەکانی یارییەکەیان بۆ ببێتە سەردێڕ، ژمارەی قوربانییەکانیان ببێتە سەردێڕ.

سەرۆکی ریال مەدرید لە فشاری هاندەرەکانی دەترسێت. لەوەی ئەنجامەکە بەدڵی هاندەرەکانی یانەکەی نەبێت و ئەوان بەرۆکی بگرن و لێی بپرسن بۆچی ئەنچیلۆتیت دەرکرد و بینیتێزت هێنا.

بینیتێز لە کلاسیکۆ دەترسێت، چونکە بۆی هەیە ئەنجامەکە دەرگای جەهەننەمی بەسەردا بخاتە سەر پشت و بۆیشی هەیە پێچەوانە بێت، رافا لە پێچەوانەکە ناترسێت، لەوە دەترسێت بەڵێنەکانی کە دەڵێ بۆ کلاسیکۆ بە کلاسیکییانە یاری ناکەم و سوپرایزم پێیە، پێچەوانە ببێتەوە.

رافا زۆر ترسی هەن لە کلاسیکۆدا، ئەو دەترسێت کلاسیکۆ سەری بخوات و دوایینجار بێت لەسەر کورسی یەدەگی یانەیەک دابنیشێت کە بەشدارە لە کلاسیکۆدا، لەوەش دەترسێت ئەنجامەکە هێندە گەورە بێت، لە مێژووی کلاسیکۆدا بە مەرەکەبی گەورە بنووسرێتەوە و بڵێن ئینریکێ بەو ئەنجامە گەورەیە لێی بردەوە.

ئینریکیش لای خۆیەوە لە کۆمەڵێک شت دەترسێت، ترس لەوەی کلاسیکۆ بدۆڕێنێت و خاڵەکانی لەگەڵ ریال مەدریدا وەک یەکی لێببێتەوە، ترس لەوەی بکەوێتەوە ژێر فشاری ڕۆژنامە کەتەلۆنییەکان و هەرای لەسەر دروست بکەنەوە، ترس لەوەی هاندەرەکانی بارسێلۆنا جارێکی دیکە پێی بڵێنەوە تۆ بۆ تیپەکەمان شیاو نیت، ترسی گەورەشی لەوەیە یاری بە مێسی بکات و ئەویش پێکانەکەی سەرهەڵبداتەوە.

مێسی لای خۆیەوە لە کۆمەڵێک شت دەترسێت، ترس لە بەشدارینەکردن لە کلاسیکۆ، ترس لە سەرهەڵدانەوەی پێکانەکەی، ترس لەوەی لێدانێکی سزا وەربگرێت و گۆڵ تۆمار نەکات، بێگومان ترسیش لەوەی رۆناڵدۆ گۆڵ بکات و ئەم نەیکات. رۆناڵدۆش هەمان ترسی هەیە، ترس لەوەی جارێکی دیکە رۆژنامەکان بڵێن ئەو پیاوی یارییە گەورەکان نییە، لە یاریگەدا ون دەبێت و خۆی نادۆزێتەوە، ترسیش لەوەی هەموو تیرەکان بچنەوە سەری و بڵێن ئەو نەیتوانی یانەی ریال مەدرید لە کۆڵ بنێت و بیگەیەنێتەوە پێشەنگی لالیگا، بێگومان ترسی گەورەشی لەوە دەبێت راموس و هاوڕێکانی بەرگرییەکی باش نەکەن و دۆخەکە بە تەواوی بشڵەقێت.

بێگومان راموس و هەموو ئەوانیدیکەش ترس لە کلاسیکۆدا بەرۆکیان دەگرێت، هەریەکەیان بەشێوەیەک و بۆ شتێک، ئەوانیش ترسە گەورەکەیان لە ئەنجامی کلاسیکۆیە، ئەو ئەنجامەی بۆی هەیە ترسی لایەک بگەیەنێتە لوتکە و هی ئەویدیکەشیان بکاتە سفر. هەموو ترسەکان لەو 90 خولەکەدا کۆدەبنەوە کە پێی دەڵێن کلاسیکۆ، ئەوانەشی بینەری کلاسیکۆن لە دەرەوە یان ناوەوەی یاریگە، دواجار هەر ترسیان هەیە، هەریەکەیان بەرێژە و بڕێک، ئەوەی ترسی نییە ئەوەیانە کە تەنیا بەدوای چێژدا دەگەڕێت، نە درێسەکەی بەری سپییە و نە دڵی کەتەلۆنییە، ئەوەیان ئەو کەسانەن کە بەدوای چێژدا دەگەڕێن لەسەر خاکی یاریگەیەک بەناونیشانی کلاسیکۆ هەموو جیهان لە چواردەوری خۆی کۆدەکاتەوە، چێژ و تەنیا چێژ..

بەهیوام چێژی کلاسیکۆ ترسەکانی کلاسیکۆتان لەبیر بباتەوە..

## جێگەیەک بۆخۆی لە ریزەکانی سامبادا دەکاتەوە..

# لۆکا کوڕی باوکی خۆیەتی



**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

پێدەچێت لۆکای کوڕی ریکاردۆ کاکای ئەستێرەی بەرازیل، بەهۆی ئەو ئاستەی لە راهێنانەکانی ئەم دواییەی هەڵبژاردەی بەرازیل نیشانی دا، لە ئایندەدا وەک باوکی ببێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوەو جێگەی خۆی لە ریزەکانی هەڵبژاردەی سامبادا بکاتەوە.

هەفتەی رابردوو ریکاردۆ کاکا، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لۆکای کوڕی خۆی بردە راهێنانەکانی هەڵبژاردەی بەرازیل، کە خۆی بۆ یاری بەرامبەر ئەرجەنتین لە پاڵاوتنەکانی ئەمریکای باشوور بۆ مۆندیالی رووسیا ئامادە دەکرد، لەوێ لۆکا هەموو یاریزانانی سامبای تووشی سەرسوڕمان کرد، کاتێک یاری بە تۆپ کرد، چونکە بەشێوەیەکی زۆر بلیمەتانە مامەڵەی لەگەڵ تۆپ دەکرد.

لۆکا، خاوەن بەهرەیەکی بەرچاوە و زۆر لە باوکی دەچێت، نەخاسمە لە شووت لێداندا.

ئەو رۆژە هەموو یاریزانانی بەرازیل لۆکایان خۆشویست و یارییان لەگەڵ کرد، بەڵام داڤید لویزی بەرگریکار لە هەمووان زیاتر یاری لەگەڵ کوڕەکەی کاکا کرد.

پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

0750 833 3444



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ئاکار مەهدی لە سلێمانی

بە لێدوانی:

( یانەکەو جوانە، ..... )

---

رووداو وەرزشی

1 LOTTO

## چل و پێنجەمین پێشبڕکێ

ژمارە (375) سێشەممە 2015/11/17

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداو وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداو وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان:

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
5 ـ مۆبایل

ناو : ..........................................

مۆبایل : ......................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە

رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە

رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە



سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
0750 454 71 68 - e-mail:ihsan@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد